# هەندێ سەرە قەڵەم لە بارەی کاری ڕۆژنامەنووسیمانەوە

ئازاد عەبدولواحید

* هەر کەسێک بە دڵسۆزی و پەرۆشی کاری ڕۆژنامەنووسی کردبێ، یان دوور و نزیک ئاگای لێ بووبێ، یان کەسێکی نزیکی بینیبێ پێیەوە خەریک بێ، لەو ڕاستییە تێدەگا کە ئەو پیشەیە، هەر بەڕاستی گەڕانە بەدوای هیلاکی و ماندوێتی. ئەگەر ئەو قسەیە بۆ سەرجەم کاری ڕۆژنامەنووسیی ڕاست بێ، ئەوە بۆ ڕۆژنامەگەریی بواری ئەدەبی و ڕووناکبیری ئەرک و ماندووبوونەکەی زۆر زیاترە، چونکە بەرپرسیارێتی کارکردن لەو بوارەدا کەمتر نییە لە مامەڵەکردن لەگەڵ (هەواڵ)، کە لەوانەیە هەواڵێک، هەواڵسازەکە تووشی زۆر سەریەشە و گرفتی جۆراوجۆر بکات. لە ڕۆژنامەگەریی ئەدەبی و ڕۆشنبیریشدا، بەپێی تایبەتمەندیی بوارەکە گرفتی تایبەت بەخۆی هەیە، کە لەوانەیە ئێستا کاتی نەهاتبێ باسیان لێوە بکەم، بەڵام بە هەر شێوەیەک لێک بدرێتەوە، ئەوە کەس بە زۆرەملێ و بە خورتی پیشەکەی بەسەر کەسێکی دیکەیدا نەسەپاندووە، بەڵکو ئەوە کەسەکانن کە بە ئارەزوو و هەوەس و ویستی خۆیان ئەو پیشەیە هەڵدەبژێرن و دێنە بوارەکەوە، لەبەر ئەوە دەبێ کە شانیان دایە بەر ئەو ئەرکە قورسە، بەرپرسیارێتی پیشەییبوون و مۆڕاڵی ڕۆژنامەگەریی لە ئەستۆ بگرن، چونکە هیچ بیانوویەک، پاساوێک نییە کار و بەرهەمێکی کرچوکاڵ و نەکوڵاو و بێ نموود بەدەستەوە بدرێ.

* ئەوەی زیاتر مەبەستمە نەختێ لێی بدوێم، زەروورەت و پێویستبوونی بایەخ و شێوەی مامەڵەکردنە لەگەڵ (سەرچاوە) لەکاتی نووسینی وتارێک، نووسینێک، لێکۆڵینەوەیەک، کە بەداخەوە لەلای ئێمەدا زۆر بایەخ بەو لایەنە گرنگە نادرێ، یان لاوەکییانە تەماشا دەکرێ، بە تایبەتیش لەکاتی وەرگێڕانی بابەتێک، شیعرێک، چیرۆکێک لە هەر زمانێکەوە بێ، چونکە چەند نووسەر و باسکار لە نووسینی لێتوێژینەوە و نووسیندا پشت ئەستوور بن بە دەستنیشانکردنی سەرچاوەکانی سوودیان لێ وەرگرتوون، ئەوەندە پتر نووسینەکانیان ڕەواج پەیدا دەکەن و ڕاستمەندێتی (مصداقیة) بەدەست دەهێنن و لەلای خوێنەران دەبنە جێگەی متمانە. لە کاری وەرگێڕانیشدا کەسێک متمانەی بە زمانزانینەکەی خۆی هەبێ، هەمیشە بێ منەتە لەوەی بەڕوونی و ئاشکرا ناوونیشانی سەرچاوەی وەرگێڕانەکەی دەستنیشان بکات، بەمەش بە خوێنەری بابەتە وەرگێڕاوەکەی دەڵێ: فەرموون ئەوە سەرچاوەی

تەواوی وەرگێڕانەکەم، ئێوەش چۆن سەرچاوەکە لەگەڵ وەرگێڕانەکەم بەراورد دەکەن، خۆتان سەرپشک بن، واتە دەبێ زۆر بە ئاسانی ئەو سەرچاوەیە بگاتە دەستی خوێنەران تا بۆ هەر مەبەستێک بیانەوێ، سوودی لێ وەربگرن، ئەوجار سەرچاوەکە کتێبێک، نامیلکەیەک، یان گۆڤار و ڕۆژنامەیەک، یان سایتێکی ئەلەکترۆنی بێ، ڕەوا نییە بەهیچ بیانوویەک خۆ لە دەستنیشانکردنی سەرچاوە، یان سەرچاوەکان بدزینەوە. ئەگەر جاری جاران ئەو پشتگوێ خستن و فەرامۆشکردنە باو بووبێ و وەک نەریتێکی لێ هاتبێ، ئەوە ئێستا هیچ پاساوێک بۆ دەستنیشان نەکردنی سەرچاوە لە ئارادا نییە، بۆیە بەشێکی زۆر لەو وەرگێڕانانە، یان لەو نووسینانە کە سەرچاوەیان ناتەواوە، یان لێڵ و تەماوییە، یان هەر لە بنەڕەتەوە سەرچاوەیان نەنووسراوە، بەلاوە دەنێین و بلاویان ناکەینەوە، چونکە بە کەموکووڕی و نەنگی بۆ کاری گۆڤارەکەمان دەژمێردرێ، لە باشترین حاڵەتدا هەندێ جار بۆ لە کۆڵ خۆکردنەوە لە داوێنی وەرگێڕان و نووسینەکان دەنووسرێ (سەرچاوە: ئینتەرنێت)، لە کاتێکدا ئەم دەستنیشانکردنە چەواشەکردنی خوێنەرانی تێدایە، چونکە لەناو دەریای بێ بنی ئینتەرنێتدا زۆر زەحمەتە ئەو بابەتە وا بە ئاسانی بدۆزرێتەوە.

* لای هەمووان ئاشکرایە ئەوانەی ئاستی ڕۆشنبیری و پلەی خوێندەوارییان بەرز و پتەو نەبووبێ، قەت بەهۆی بەدەستهێنانی ماستەر و دوکتۆرا (بە تایبەتی ئەوانەی ڕۆژی ئەمڕۆ)، پلە و پایەی زانستی و ڕۆشنبیریی کەسی پێ بەرز نەبووەتەوە، چونکە بە وەرگرتنی باوەڕنامە، کەس ڕۆشنبیر و پڕ زانیاری نابێ، جیاوازییش زۆرە لەنێوان ڕۆشنبیر (مثقف) و خوێندەوار (متعلم)، بۆیە ئەوانەی لە خوێندنی باڵا وەردەگیرێن و کەڵکەڵەی ئەو جۆرە خوێندنە دەکەوێتە سەریان، ناکرێ تەنیا بۆ بەدەستهێنانی باوەڕنامەکە بخوێنن، واتە باوەڕنامە لەپێناوی باوەڕنامە وەرگرتن نییە، هەر بۆ ڕووالەت و بۆ لافوگەزافی کۆمەڵایەتی و پۆزلێدان و پیاوماقووڵی نییە، چونکە ئەو ڕۆشنبیرییەی لەلای کەسەکان خۆیان هەیە، یان بوونی ئەو غەمی سۆراخ و خۆڕۆشنبیرکردنە بەردەوامەی لەلای کەسەکان هەیە، هەر ئەو ڕۆشنبیرییە نارێک و پەرشوبلاوەیە لە خوێندنی ئەکادیمیدا ڕێکدەخرێ، واتە لە خوێندنی باڵادا کەسەکان تەنیا فێری (تەکنیکی نووسین) دەکرێن، فێری چۆنیەتی دەستنیشانکردنی ناوونیشانی باس و بابەت و سنووری دیاریکراوی بابەتەکانیان و کۆکردنەوەی سەرچاوە و شێوەی مامەڵەکردن لەگەڵ سەرچاوەکان دەکرێن، کە دەڵێم (تەکنیکی نووسین) مەبەستم ئەوەیە بڵێم ئەو شێوازەیان فێر دەکرێ کە بە کورتترین ڕێگا بە ئامانجی نووسینەکەی دەینووسن بگەن، کەچی نەک ئەوانەی خوێندنی باڵایان تەواو نەکردووە و ئەکادیمی نین، تەنانەت هەندێ لەوانەی خوێندنی ئەکادیمیشیان تەواو کردووە تا بە ڕوونی ناوی سەرچاوەکانمان بۆ دەنووسن قیر سپی دەبێ، ئەوانە ئەو کارە نەک هەر بەپێویست نازانن، بگرە بە بێگاری تێدەگەن، یان لایان وایە شتێکی لاوەکییە و پێویست ناکات هیچ بایەخی پێ بدرێ، بۆیە کاتێ دەبینین لە نووسینێکدا، یان لە وەرگێڕانێکدا سەرچاوە نەنووسراوە، یان سەرچاوەکە لێڵە و ڕوون نییە، پێوەندی پێوە دەکەین و داوای ناوی کتێب و نووسەرەکەی، یان ناوی وەرگێڕ و چاپی چەندەمە و بەرگی چەندە، یان ساڵ و شوێنی چاپ و ناوی چاپخانە و ئەو زانیاریانەیان لێ دەکەین، پاش دوو، سێ جار پێوەندی پێوەکردن، ئەوجا بە قەست زانیارییەکانمان بۆ دەنێرن، یان جاری وا هەیە خۆیان لە داوای زانیارییە پێویستەکانی سەرەوە باسمان کردن نەبان دەکەن، بۆ نموونە لەجیاتی نووسینی ناوی کتێب و نووسەر و تاد، دەچن ژمارەی لاپەڕەکانی کتێبەکە، یان چ بەشێکی کتێبەکەیان وەرگێڕاوە ئەوە دەنێرن، وەک بەشی (٧)، یان بەشی (٨)، (٩)ی کتێبەکە، یان فۆتۆکۆپی لاپەڕەکانی وەرگێڕانەکە دەنێرن و خۆیان لە نووسینی ناوی کتێب و نووسەرەکەی و چاپی چەندەمە و ساڵ و شوێنی چاپەکە دەبوێرن.

* نووسەر هەیە، یان تەنانەت ئەوانەی خۆیان بە ئەکادیمی دەزانن، مامەڵە و هەڵسوکەوت لەگەڵ سەرچاوەی (ڕەسەن) و (باوەڕپێکراو) ناکەن و پشتی پێ نابەستن، ئەوان هەندێ جار پەنا بۆ سەرچاوەی (دزراو- منتحل) دەبەن کە لە نووسینی زانستی و ئەکادیمیدا جێگەی باوەڕ نییە و پشتی پێ نابەسترێ، یان سەرچاوەکە ڕەسەنەکە دەستنیشان دەکەن، بەڵام ئەو سەرچاوە ڕەسەن و بنەڕەتییەیان هەر نەدیوە، بەڵکو لە

پەراوێزی نووسینی نووسەرێکی دیکەوە کە لە پەراوێزدا ئاماژەی پێ کردووە وەردەگرن. ئائەمینی و دەست پیسییەکەش لێرەدایە کە ئاماژە بەناوی وتار و لێکۆڵینەوەی نووسەر و باسکارەکە نادەن کە یەکەم جار سوودی لەو سەرچاوەیە وەرگرتووە و هیلاک بووە تا دۆزیویەتییەوە و خوێندوویەتییەوە و لە شوێنی خۆیدا بەکاری هێناوە، ئەوانە بە زانایی و ئازایەتی دەزانن باز بەسەر ماندووبوون و ڕەنج و ناوی ئەو نووسەر و باسکارەدا بدەن، تەنیا بۆ زۆر کردن و دەوڵەمەندکردنی لیستی سەرچاوەکانی خۆیان و هەمەچەشن بوونیان ناوی کتێبەکە، یان گۆڤارەکە وەردەگرن کە بۆ یەکەم جار (نووسەری مافخوراو) بەکاری هێناوە.

* هەندێ جار لە نووسین و لێکۆڵینەوەی زۆر نووسەر و باسکاردا، لە کاتی ڕیزکردنی پەراوێز و سەرچاوەکاندا، ناوی کتێبێک، سەرچاوەیەک بە زمانی ئینگلیزی، یان فەرەنسی، یان ئەڵمانی و تاد دەبینرێ، کاتێک ئەو سەرچاوانە پیشانی شارەزا و زمانزانەکان دەدەین کە بەباشی ئینگلیزی و زمانەکانی دی دەزانن، سەرنج دەدەین بە وردی و بە ئەمانەت ناوی کتێب و سەرچاوەکانیان بۆ ناو لیستی سەرچاوە و پەراوێزەکانی نووسین و لێکۆڵینەوەکەی خۆیان نەگوێزاوەتەوە، کە لەگەڵ خاوەنی نووسینەکە، یان وەرگێڕانەکەش دەدوێین و لە هەڵەکانیان ئاگاداریان دەکەینەوە، هەر زوو ددان بە پەلە پەل کردن و هەڵپەی ناردن و بڵاوکردنەوەی بابەتەکانیاندا دەنێن، تەنانەت لە کاتی نووسینی ناوی سەرچاوەکانی وەرگێڕانیشدا، ئەو دیقەت نەکردن و هەڵپەکردنانە دەبینرێن، ئەمەش لەوەوە هاتووە کە نووسەر و باسکار، یان وەرگێڕ پێش ناردنی نووسینەکەی بۆ بڵاوکردنەوە، جارێکی دی پێیدا نایێتەوە و بە وردی نایخوێنێتەوە، ئەوجار بۆ بڵاوکردنەوە بینێرێ.

* لایەنێکی دیکەی کەمتەرخەمی و بێباکی نووسەران و باسکاران لە نووسین و لێکۆڵینەوەکانیاندا ئەو نووسینانەیانە کە تێیدا شیعری کوردی و عەرەبی و فارسی بە نموونە بۆ نووسین و لێتوێژینەوەکانیان دەهێننەوە، لەمەشیاندا زۆر بەگمەن نووسەر و باسکار هەن بە وردی و بەدیقەت و ئەمانەت و وەک ئەوەی لە دیوانەکانیاندا نووسراون، شیعری شاعیرەکان بگوێزنەوە ناو نووسینەکانیان، جارێ هەنگاوی یەکەم لە هێنانەوەی نموونەی شیعری شاعیرە کلاسیکییەکانمان، کە هەندێکیان پتر لە جارێک چاپکراونەتەوە، یان پتر لە کەسێک کاریان تێیاندا کردووە، زۆر پێویستە بە تەنێ نەنووسرێ (دیوانی نالی)، بەڵکو پێویستە بنووسرێ کام چاپەی نالی، یان کێ ساغی کردووەتەوە؟ ڕوودانی هەر هەڵەیەک، ئەگەر بچووکیش بێ، شیعرەکە لەنگ دەکات و کێشە عەرووزییەکەی تێک دەدا، وەکو ئەوە ناکرێ، دەبینین لە گوێزانەوەی ورد و ئەمینانەی شیعری شاعیرە نوێ و هاوچەرخەکانیشماندا دیقەت و وردی نابینرێ، بۆیە لەبەر نەمانی ئەو متمانەیە و بۆ ئەوەی شیعری ئەو شاعیرە کلاسیکییە گەورانەمان، یان بۆ تێک نەچوونی وێنە و ئیقاعی شیعری نوێی شاعیرەکانمان ناچار دەبین زۆربەی هەرە زۆری جارەکان، ئەو شیعرانە لەگەڵ دیوانەکانیان بەراورد بکەین، کاتێکیش دەکەوینە بەراوردکردنیان، چ ببینین؟ ئەوەی دەیبینین کارەساتە، دێڕ پەڕین و وشەپەڕین هەیە، گۆڕانکاری لە وشە و پاش و پێش کردنی وشە و دێڕ هەیە، کە ئەمەش هەر پێوەندی بە پەلە پەل و هەڵپەکردن لە نووسین و زوو لە کۆڵ خۆکردنەوە و ناردنی بۆ بڵاوکردنەوە هەیە، لەکاتێکدا پێداچوونەوە و بەراوردکردنی شیعرەکان کە ڕایانگوێزاون، بە دیوانی ئەو شاعیرانەی لە بارەیانەوە نووسیویانە بۆ ئەوان کات و کارێکی ئەوەندە زۆری ناوێ، ئەوە بۆ ئێمە وەک ڕۆژنامەنووس لە بواری ئەدەبی و ڕۆشنبیری دەبێتە ئەرکێکی سەربار و کاتێکی زۆری لێمان دەوێ، هەندێ جار دەبێتە هۆی درەنگ بڵاوبوونەوەی وتار و نووسین و لێکۆڵینەوەکەش، بۆ ئێمە کە بە هەست کردن بە لێپرسراوێتی کار دەکەین، کارەکە لەلامان وایە، دەنا لە گۆڤاری دی و لە لاپەڕە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکانی دی، زۆر دەروەست نین و جاری وا هەیە یەکسەر و بەبێ خوێندنەوەشیان دەکرێنە قورگی چاپخانەوە و شیعرەکان بەهەڵە بەناو خوێنەراندا بڵاو دەکەنەوە.

* گرفتێکی دیکەی بەردەممان لەکاری ڕۆژنامەنووسیدا ئەوەیە کە لەکاتی نووسینی پەراوێزەکان باسکار و نووسەر ژمارەی پەراوێزێکی لەبیرکردووە و بەلای دانانی ناوی کتێبەکە و نووسەرەکەی و لاپەڕەکەیدا نەچووە، کاتێ بەدەست ئێمەش دەگات و دەیخوێنینەوە، دەبینین

ژمارەی سەرچاوە و پەراوێزەکە بە بۆشایی بەجێ هێڵراوە و هیچی تێدا نەنووسراوە، ئیدی لەم کەینوبەینی نووسینی پەراوێز و سەرچاوە و دەستنیشان نەکردنی ژمارەی لاپەڕەیەدا کاتێکی زۆرمان بە فیڕۆ دەڕوا و بڵاوبوونەوەی بابەتەکەش درەنگ دەکەوێ، داخەکەم هەندێ جار دوای چەندان پێوەندی پێوەکردنیش ئەو بۆشایی و ڕوونکردنەوەی سەرچاوە، یان پەراوێز و لاپەڕەیە هەر نانووسرێ و بۆمان بەڕێ ناکرێ، دوایی دەبیستینەوە خاوەنەکەی گلەیی لە درەنگ بڵاوکردنەوەی بابەتەکەی کردووە، ئەو حاڵەتەش هەر پێوەندی بە پەلەپەل و هەڵپەکردن لە ناردنی نووسینەکەیان دەگەڕێتەوە کە پێش پێداچوونەوە بۆمانیان ناردووە.

* زۆر کەڕەت نووسینێک، لێکۆڵینەوەیەک پێویستی بە هۆیەکانی ڕوونکردنەوە هەیە، لە ناردنی (وێنە + نەخشە+ دیمەنی شوێن و شار+ خشتە)ی تایبەت بە نووسینەکە، ئەوانە هەموویان پشتگوێ دەخرێن. بەداخەوە نووسەری کورد زۆر بایەخ بەو لایەنە گرنگە نادات، ئێمە هەر لە سەرەتای دەرچوونی گۆڤاری ڕامان ـەوە تا ئەمڕۆ ئەو ئەرکە زەحمەتەمان گرتووەتە ئەستۆی خۆمان و بایەخێکی تایبەتیمان بە وێنە و هۆیەکانی ڕوونکردنەوە داوە، بەڵام هەندێ نووسین و لێکۆڵینەوە هەن کە وێنە و نەخشە و خشتە و دیمەنی تایبەت بە خۆیان هەیە، هەر دەبێ نووسەر و باسکارەکە خۆی بۆمانی دابین بکات و بینێرێ، کە لە زۆربەی جارەکاندا ئەو هۆیانەی ڕوونکردنەوە لەگەڵ نووسینەکانیان نانێرن، لە هونەری ڕۆژنامەگەریشدا وێنە وەک لای هەمووان زانراوە هۆکارێکی گرنگی سەرنجڕاکێشانی خوێنەرانە بەلای نووسینەکاندا، کە دینامیکییەت و جووڵەیەکی باش بەشێوەی بڵاوکردنەوەی بابەتەکە دەدات، دەنا بڵاوکردنەوەی نووسین، بە تایبەتی نووسینی دوورودرێژ، بەبێ دانانی وێنە و هۆیەکانی ڕوونکردنەوە، نووسینەکە دەکاتە (بیابانێک لە وشە)، ئەمە بۆ خوێنەری ئاسایی زۆر وشکوبرینگ دەبێ و زوو لە خوێندنەوەی بابەتەکە دەتەکێتەوە، چونکە وەڕس و بێزار و بێ تاقەتی دەکەن.

* نووسەر، لێتوێژەر، وەرگێڕ هەن وشە و ڕستە، یان پەرەگرافیان بەلاکی سپی ڕەش کردووەتەوە (سپی کردووەتەوە) و بەجێیان هێشتووە وشک ببێتەوە، دواتر لە بیری کردووە پێیدا بێتەوە و وشەکە، یان ڕستە و پەرەگرافەکە لە شوێنی خۆیدا بنووسێتەوە، ئەمەش دیسانەوە دەری دەخات کە نووسەر و وەرگێڕەکەیان نەیانوبستووە جارێکی دی بەسەر نووسینەکەیاندا بچنەوە، ئەوجا عەزاب ئەوەیە ناوونیشانی ئەلکترۆنی، یان ژمارەی تەلەفۆنی خۆشی بۆ نەنووسیبێ و نەیزانین، تا پێوەندی پێوە بکەین، بۆیە نووسین و وەرگێڕانەکەی لەلامان دەکەوێ و مردار دەبێتەوە، خاوەنەکەشی پەرۆشی بڵاوکردنەوەیەتی، لەولایشەوە چاوەڕوانە و دەپرسێ کە بۆچی بابەتەکەی بڵاونەکراوەتەوە.

* هۆکارێکی دیکەی پشتگوێ خستنی بابەت، یان زۆر درەنگ کەوتنی لە بڵاوکردنەوە، تایپ نەکردنی بابەتەکانە، چونکە تایپکردنی بابەتی تایپ نەکراو لەلای ئێمە کاتی زۆر و کارمەندی زۆری دەوێ، هەروەها هەڵەچنی زۆریشی دەوێ، لەگەڵ ئەوەش دەبینین هەندێ لە نووسەرەکان خەریکن خۆیان فێری تایپکردن دەکەن، بەڵام شاڵڵا هەر دەستیان بۆ تایپکردن نەبردبا و فێری نەبووبان، چونکە کە نووسینەکانیان تایپ دەکەن، ئەوانە بە باشی تایپ فێرنەبوون و نایزانن، بۆیە وشەکان بە یەکەوە دەنووسێن، یان بابەتەکانیان سیخناخ و لێواو لێون لە هەڵەی چاپ، لەو حاڵەتەشدا، یان دەبێ پشتگوێ بخرێن، یان ئەوەتە ئێمە دووبارە تایپی بکەینەوە، کە ئەوەش وەکو باسم کرد بۆ خۆی ئەرکێکی قورسە و لەو دۆخ و داروبارەی ئێستای ئێمەدا جێبەجێ کردنی قورسە، ئەگەر مەحاڵ نەبێ.